**پەرتوکێن زمانێ عەرەبی:**

١- عبدالقادر نگور، الاغنية الشعبية فی الجزائر- منطقة الشرق الجزائری نموزجا، رسالة دکتوراه کلیة الادب و اللغات، جامعة منتوری- قسطنيطنه،الجزائر، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩.
٢- الکزاندر هجرتی کراب، علم فلکلور، ت: رشید صالح، م: دار الکتب العرب، القاهرة، ١٩٦٧.

**نامێن ئەکادیمی:**

١- جوتیار اسماعیل نبی، ناما ماستەرێ، ناڤەرۆکا حەیرانوکا کوردی، کۆلیژا ئاداب، زانکۆیا دهۆک، ٢٠١٣.
٢- حەلیما خورشید عەبدوللا، بەراوردیەکا کێشناسی دناڤبەرا عەرووزا کوردی و فارسی، دیوانێن (مەلایێ جزیری و حافزی شیرازی) وەك نموونە، ناما ماستەر، زانکویا دهۆك، کۆلیژا ئادابێ، ٢٠٠٧.
٣- نیعمەت الله حامد نهێلی، شێوازگەری تیۆر و پراکتیک، ناما ماستەرێ، کۆلیژا ئاداب، زانکۆیا دهۆک، ٢٠٠٦.

**گۆڤار:**

١. عیماد خالد وەیسی، فۆلکلۆریا نەتەوەییا کوردی، گ: پەیڤ، ژ: ٢٢، دهۆک، ٢٠٠٥.
٢. نازدار عارف بریندار، سترانا فلولکلۆری، گ: هیزل، ژ: ١٩، دهۆک، ٢٠١١.

**سایتێن ئەلکترونی:**

١- بەختیار ئەحمەد مەحمود، موسیقای دەرەوە لە قەسیدەی (گوتم بە بەختی خەوالو...)ی حاجی قادری کویی.
https://www.hawler.in/index.php/٠٧-١٩-٢٣-٢٨-١٢-٢٠١٧/item/-١٤٣٨٥ ٢٠١٩/٨/٢٠) .١٣-٥٨-١٠-٢٠-٠٨-٢٠١٩).
٢- هیوا نورەدین، هەموو شعرێک دەبێت کێشی هەبێت،
https://www.hawler.in/index.php/٠٧-١٩-٢٣-٢٨-١٢-٢٠١٧/item/-١٩١٦٣ ٢٠٢٠/٢/٣) ، ٢٢-٥٨-١٠-٠٤-٠٢-٢٠٢٠).
٣- ئەمین خەوالە، هەڵپەرکێ، گوڤەند و شایی یا دیلان.
http://www.vokradio.com/content/view/٢٠١٨/٩/٢٦) ./١/٢١١٥).

**پەراوێز:**

١. کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، ئا: گیان کامل بەسیر، چ: یەکەم، چا: تاران، ناوەندی غەزەلنووسی، سلێمانی ، ٢٠١٥، ل ٥٠٠.
٢. وریا احمد، ئامێرەکانی موزیکی کوردی، چ: ئیکێ، چا: زانکۆیا سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٠.
٣. عبدالقادر نطور، الاغنية الشعبية فی الجزائر- منطقة الشرق الجزائری نموزجا، رسالە دکتوراه کلیة الادب و اللغات، جامعة منتوری- قسطنیطنیة،الجزائر، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ێ١٣.
٤. ئەحمە زەرو، سترانا لیریکی (حەیرانوک)، چ: ئێکێ، چا: الزمان، بغداد، ١٩٨٧،ل ٦.

٥. شکریە رەسول ئیبراهیم، ئەدەبێ فولکلۆریی کوردی، چ: ئێکێ، چا: موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٠٢.

٦. باڤێ نازێ، فەرهەنگا ویژەیی، چ: ئیکێ، چا: هەوار، دهۆک، ٢٠١٢، ل ١٩٨.

٧. ئەحمە زەرو، سترانا لیریکی (حەیرانوک)، ل ٧.

٨. ئەمین عەبدولقادر، تێکست دناڤبەرا گوتارا ڕەخنەی و ڕێبازێن ئەدەبیدا، چ: ئیکێ، چا: هەوار، دهۆک، ٢٠٠٨، ل ٢٣٩.

٩. الكزاندر هجرتی کراب، علم فلكلور، ت: رشيد صالح، م: دار الكتب العرب، القاهرة، ١٩٦٧، ێ ٢٥٣.

١٠. عیماد خالد وەیسی، فۆلکلۆریا نەتەوەییا کوردی، گ: پەیڤ، ژ: ٢٢، دهۆک، ٢٠٠٥، ل٢٨.

١١. کامیران بەرواری، سترانێن فۆلکلۆری (پەروا چیا)، م: للثقة و الشباب، بغداد، ١٩٨٦، ل٨.

١٢. هەمان ژێدەرێ بەرێ، ل ٩.

١٣. جوتیار اسماعیل نبی، ناما ماستەرێ، ناڤەرۆکا حەیرانوکا کوردی، کۆلیژا ئاداب، زانکۆیا دهۆک، ٢٠١٣، ل٢٢.

١٤. ئەمین خەواله، هەڵپەرکێ، گوڤەند و شایی یا دیلان.
http://www.vokradio.com/content/view/١/٢١١٥/

١٥. محمود زامدار، دەروازەک بۆ ئاواز و گورانی کوردی، چ: یەکەم، چا: دارالحریە، بغداد، ١٩٩٢، ل١٨.

١٦. د.محمد بکر، کێش و ریتمی شعری فۆلکلوری کوردی، چ: یەکەم، چا: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٠.

١٧. بەختیار ئەحمەد مەحمود، موسیقای دەرەوە لە قەسیدەی (گوتم بە بەختی خەوالو...)ی حاجی قادری کویی.
https://www.hawler.in/index.php/-٢٠١٧-١٤٣٨٥-٢٠١٩-٠٨-٢٠-١٠-٥٨-١٣/item/١٢-٢٨-٢٣-١٩-٠٧

١٨. نیعت الله حامد نهێلی، شێوازگەری تیۆر و پراکتیک، ناما ماستەرێ، کولیژا ئاداب، زانکۆیا دهۆک، ٢٠٠٦، ل٢٠٧.

١٩. هیوا نوردەدین، هەموو شعرێک دەبێت کێشی هەبێت.
https://www.hawler.in/index.php/-٢٠١٧-١٩١٦٣-٢٠٢٠-٠٢-٠٤-١٠-٥٨/item/-١٢-٢٨-٢٣-١٩-٠٧-٢٢

٢٠. مسعود جمیل رشید، کێش و سەروا دهۆزانا کوردیدا، چ: ئیکێ، چا: هیڤی، هەولێر،٢٠١٧، ل ١٠١.

٢١. هەمان ژێدەرێ بەرێ، ل ١١٦.

٢٢. نازدار عارف بریندار، سترانا فلولکلۆری، گ: هیزل، ژ: ١٩، دهۆک، ٢٠١١، ل٥٨.

٢٣. ادیب عبدالله، حەیرانوک (نامێن ئەڤینداران)، چ: ئیکێ، چا: هەوار، دهۆک،٢٠٠٦،ل ٨٩.

٢٤. هەمان ژێدەرێ بەرێ، ل ٥٩.

٢٥. مسعود جمیل رشید، ڤوناغێن کێشناسیا هۆزانا کوردی، چ: ئیکێ، چا: خانی، دهۆک، ٢٠١٤،ل ١٠٧.

٢٦. حجی حفعر، سترانێن داوەت وگوڤەندێن کوردان، چا: الحوادث، بغداد، ١٩٨٩، ل٢٠٥.

٢٧. حجی حفعر، سترانێن داوەت وگوڤەندێن کوردان، ل ٩٧.

٢٨. کامیران بەرواری، سترانێن فۆلکلۆری (پەروا چیا)، ل٢٢٠.

٢٩. کامیران درباس هروری، شڤان شکری هروری، سترانێن گەلێری، چ: ئێکێ، چا: وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٧.

٣٠. نوری فارس حەمەخان، عەروزی کوردی، چ: یەکەم، چا: ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤،ل ٩٢.

٣١. حەلیما خورشید عەبدوللا، بەراوردیەکا کێشناسی دناڤبەرا عەرووزا کوردی و فارسی، دیوانێن (مەلایێ جزیری و حافزی شیرازی) وەک نموونە، ناما ماستەر، زانکویا دهۆک، کۆلیژا ئادابێ، ٢٠٠٧، ل ٢١٨.






# بونیادی بیر و جوانی

## لە چوارینەی (دڵی من)ی (بێخود)دا



ژیرۆ کامل ئەجەل

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی بونیادی بیرو جوانی لە چوارینەی (دڵی من)ی بێخودا هەوڵێکە بۆ ناسینی بێخودو بونیادی شیعرەکە ،گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە هەوڵدانێکە بۆ ناسینی بنەماکانی جوانی و مۆسیقاو بیری ئەم شیعرە ،کە زۆر لەناو خەڵکدا بەر بڵاوە بەڵام بەرچاومان نەکەوتووە کەسێک وەکو ملوانکەیەک دەنکە میروەکانی هەڵبووەشێنێتەوە ئەو تاڵەدەزوانە دیاری بکات کە هەڵبەستەکەی لەسەر بونیاد نراوە، بۆیە لەم باسەدا سەرەتا هەوڵدراوە خودی وشەی بونیاد پاشان بونیادی شیعرو شاعیرەکە و دواتریش بونیادی بیرو بەرژەوەندی دەستنیشان بکرێت، پاشان هەوڵی تەواومان داوە بونیادی مۆسیقای دەرەوە لە ڕووی کێش و کە کێشەکە بنەماکەی لەچیەوەهاتووەو چۆن بەکارهاتووە و سەرواى شیعرەکە چۆنە پاشان بونیادی جوانی شیعرەکە بەپێی بنەماکانی جوانکاری ڕەوانبێژی بخەینە ڕوو.

## کلیلی توێژینەوەکە

**(بونیاد، بێخود، جوانکاری، مۆسیقای شیعر)**

### پێشەکی

هزرو جوانی دوو تەوەری زۆر جوانی هەموو دەقێکی ئەدەبیە، راددەی بەرزی و نزمیان لەسەر نوسەری دەقەکە وەستاوە ،لەناو دەقەکانیشدا شیعر پشکی شێری هەیە، لە هزرو جوانی بۆیە دەمانەوێت لەبونیادی ئەو دوو بنەماگرنگەی شیعری (دڵی من) وردبینەوە، لایەنە شاراوەکانی جوانتردەرخەین و ڕۆشنای بخەینە سەر دیوەتاریکەکانی. توێژینەوەکەمان لە ڕووی پێکهاتەوە لە دوو بەش و پوختەو پێشەکی دەروازەو کلیلی توێژینەوەکە پێکهاتووە کە بەم جۆرەیە سەرەتا پوختە کە گرنگی بابەتەکەی تیادا باسکراوە پاشان پێشەکی کە ناوەرۆکی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە دواتر لە دەروازەدا چەمکی بونیاد و ژیانی بێخودو بونیادی هۆنراوەکە باسکراوە و پاشان لە بەشی یەکەمدا سەرەتا دەقی شیعرەکامان داناوە بۆ بەرچاو ڕوونی پاشان بونیادی بیر لە هۆنراوەکەدا خراوەتە ڕوو کە هەوڵمان داوە دیوی دووەمی هۆنراوەکە ئاشکرابکەین پاشان پەیامەکانی هۆنراوەکە لەڕووی شیکردنەوەی هۆنراوەکە باسکراوە و دواتریش بەرژەوەندیاکان لەناو دەقەکەدا بە چەند خاڵێک پوختە کراوە، لە بەشی دووەمدا بونیادی مۆسیقاو جوانی باسکراوە سەرەتا بونیادی مۆسیقای دەرەوە کە کێش و سەروایە و دواتر مۆسیقای ناوەوە تیشکی خراوەتە سەر لە بونیادی جوانیدا جوانی هۆنراوەکە بە پێی بونیادی هونەرەکانی جوانکاری ڕەوانبێژی خراوەتە ڕوو، دواتریش ئەنجامەکان ئەو خاڵانەی پێی گەشتووین بە خاڵ نوسیومانە،لە کۆتایشدا ئاماژەمان بە لیستی سەرچاوەکان کردووە. لە توێژینەوەکەماندا مێتۆدی شیکاری وەسفیمان بەکارهێناوە.

### پێشینەی توێژینەوە:

توێژینەوە لە باری چوارینەی (دڵی من)ی بێخودەوە بەرچاومان نەکەوتووە تەنیا لە لە دوو شوێندا هەوڵی شیکردنەوەی چوارینەکە دراوە.دکتۆر مارف خەزنەدار لەبەرگی شەشەمی مێژوویی ئەدەبی کوردی لەباسی ژیانی بێخودا ئەم چوارینەیەی لێکداوەتەوە تەنیا لە ڕووی واتاوە کە ئاماژە بەوە دەکات بێخود ئەم چوارینەیەی بۆ برازایەکی نوسیووە کە لە ئاوی دیجلەی بەغدادا خنکاوەوەهای لێکداوەتەوە کە دەڵێ: داڵدەو پەنای لە پێغەمبەردا دۆزیوەتەوە دڵی کە هەمیشە لەگەڵ جوانەمەرگدایەو هەردوکیان چونە بۆ خزمەتی سالاری مەدینەوە ئیتر دەکەوێتە مەدحی پێغەمبەر(خەزنەدار، ٢٠١٠ : ل٨٦-٨٩).هەروەها سدیق بۆرەکەیی لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردیدا لە پێش چوارینەکەوە ئەمە دەڵێت:لەم پارچە هەڵبەستەدا گلەو گازندە لە دڵی خۆی دەکات هەموو سەر لێ شێواوی بێ سەورو شوێنی خۆی لە دڵییەوە دەزانێت(بۆرەکەیی،٢٠٠٨ : ل٧٣٩-٧٤١). ئەم چوارینەیە لە دیوانەکەیدا کە لە دوو جێی جیاواز چاپکراون هەیە کە هەردوکیان هەر کۆ کراوەکەی محەمەدی مەلا کەریمە(بێخود،١٣٦٥:ل٧٦-٧٧)(بێخود،٢٠١٨ : ل١٠٤-١٠٦).

### چەمك و پێناسەی بونیاد

ئێمە لە خودی وشەی بونیاد مەبەستمانە بگەینە بنج و بناوانی ئەوشتەی کە کەدەمانەوێت وشەی بونیاد بخەینە پێشی، وەکو خانویەک دەمانەوێت لە بناغەکەوە تا سەرەوە بزانین هەرخشتێک چۆن دانراوە یاخود وەک گوریسێک لەتاڵەمووەکانی بونیاد نانی گوریسەکە وردوەبین و هونەرەکانی چنینەکەی درک پێبکەین«وشەی بونیاد (بنیە) لە لاتینییەوەوەرگیراوە (STUERE) بەواتای بونیاد (البناء) یان ئەو ڕێگەیەی کە تەلارێکی پێ بونیاد دەنرێ» (شێخ بزێنی، ٢٠١١ :ل١٩). کەواتە وشەی بونیاد بە نزیکەیی لە هەموو زمانەکاندا هاوواتایە کە هەموو بە مەبەستی بیناکردنەکەی بەکاریان هێناوە. «ئەم ڕەوتە یان ئەم مێتۆدە پێی وایە زمان بریتییە لە کۆی پێکهاتەی ڕەگەزە جیاواز و پێکەوەبەستراوەکان،بەجۆرێک ناشێت هیچ ڕەگەزێک لەپەیوەندیدا بە کۆی ڕەگەزەکانی ترەوە دیاری بکرێت»(ئەسوەد،٢٠١٥ : ل٨٧). کە باسی بونیادی دەق دەکرێت ناکرێت باسی زمان نەکەی چونکە ئەوە زمانە کە وەکو دەفرێک کۆی واتاو جوانی و وشەو برگەو ڕستەکانی کۆکردۆتەوە بە

جۆرێکە کە بەبێ زمان هیچیان نابن،هەربۆیە زمان ئەوپەیوەندیەی نێوان ڕەگەزەکان دەپارێزێت بەجۆرێک پێکەوە گرێیان دەدات کە ناتوانی بەسەربەخۆیی لێیان بدوێی.«بونیادی زمانی ئەو بناغەیەیە، کەلەسەر وشەو دەربڕینە فەرهەنگی و نافەرهەنگیەکان، دروست و خوازەکان،ئاشکراو شاراوەکان درووستبووە،لەدەقێکی ئەدەبیەوە بۆدەقێکی تر پێکهاتەی ئەو بونیادە زمانییە دەگۆڕێت، چونکە هەمیشە گۆڕانکاری بەسەر دەقە ئەدەبیەکاندادێت»(عەبدوڵلا،٢٠٢١:ل١١٤).

## ژیانی بێخود

ژیانی مەلا مەحمودی موفتی بێخود لە بارەی ژیانی بێخودەوە سەرچاوەکان هەر دووبارە کردنەوەی ئەو باسە کورتەن کە موحەممەدی مەلا کەریم لە پێشەکی دیوانەکەیدا نوسیویەتی لەبەر ئەوە ئێمەش تەنیا ئەوە دەنوسینەوە.

«بێخود لەساڵی ١٢٩٦ی کۆچی هاتوەتە دونیاوە، لای زانایانی ناوداری ئەو سەردەمەی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٠٠ زاینی کراوە بە حاکمی هەڵەبجە، لەگەڵ مامۆستایان (ڕەفیق حیلمی) (زێوەر) دا مامۆستایەتیی کردووە، بێئەوەی بەرامبەر بەوە هیچ مانگانەیەك وەربگرێت.پێش کۆچیدوایی موفتی کاکی، چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەربردووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و تا مردنی لە جێگاکەی ئەودا مفتی بووە. کاتژمێر سێ و چارەکی پاشنیوەڕۆی ٢٥/٨/١٩٥٥ بەرامبەر بە (١٣٧٦ی کۆچی) بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد»(بێخود،١٣٨٥:لل١٣-١٤)، بە کۆچی دوایی ئەم زاتە چرایەکی تری شیعری کلاسیکی کوردی کوژایەوە. «بێخود» بێجگە لە شیعری کوردی، شیعری زۆریشی بە زمانی فارسی هەیە.

### شیعرەکانی بێخود لەم بوارانەدان:

* - باسی ئایینی و پێداهەڵگوتنی پێغەمبەر(س.خ).
* - غەزەل و سۆز و ڕازی ئەویندارانە.
* - (ڕێکەوت)ی کۆچی دوایی یان لەدایکبوونی ناودارانی سەردەمی شاعیر.
*- شیعری نیشتمانی

## لەبارەی هۆنراوەکەوە

(دڵی من) لە ڕووی جۆری ئەدەبیەوە دەکەوێتە ناو خانەی (ستایشی پێغەمبەر(س.خ) هەڵبەستەکە چوارخشتەکی(چوارینە)یە و لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوفە و سەرواکەشی چوارینەی یەکەم و چوارەم نیوە دێڕی هەموو هەڵبەستەکە یەک سەروایەو نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەمی چوارینەکانی تر هەرجارەو ڕەویەکەی پیتێکە.

شیعری (دڵی من)یەکێکە لەو شیعرەبەناوبانگانەی بێخود کە ناوبانگی شیعرەکە لە ناوبانگی شاعیرەکەی



هەولێرنامەی کتێب

زۆرترە،شیعرێکە بەجۆرێک بەر بڵاوە کە خوێندەوارو نەخوێندەوار لەبەریانەو لەبەر خۆیانەوە بە ئاوازی جیاجاو شیعرەوە دەیڵێنەوە هۆکاری بەناوبانگەیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵە کە گرنگترینیان باس دەکەین.

**یەکەم:** شیعرەکە لەڕووی بونیادی بیر و وشەو واتاو مۆسیقاو کێش و سەرواو ڕەوانبێژییەوە لەپلەی باڵادایە

**دووەم:** بۆ عیشقی پێغەمبەرمان محمد(س.خ) نوسراوە کە میللەتی کورد هەموو گیان فیدای ئەو زاتە موبارەکەن

**سێیەم:** لەلایەن چەندین گۆرانی بێژی بەناو بانگ و ناسراوی کوردەوە کراوە بەگۆرانی و ئاوازی جیای بۆ دانراوەو زۆریش دەوترێتەوە لەو هونەرمەندانەش(تاهیر تۆفیق،مەزهەری خالقی،ناسری ڕەزازی،کیژان ئیبراهیم، مەنسوری شەهرامی،کەویار،گرووپی بێخود...هتد).کە سەرەکیترین هۆکاری بڵاو بونەوەی شیعرەکەیە.

**چوارەم:** چەندین شاعیر لەسەر هەمان وەزن و قافیەو ڕەدیف ئەم شیعرەیان وتووەتەوە وەک(ویساڵی ، شێخ نوری شێخ ساڵح).

**لەبارەی هۆکاری نوسینی شیعرەکەوە دوو ڕای جیاواز هەیە کە هەردوکیان دەخەینە ڕوو:**

**یەکەم:** مارف خەزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی دەڵێت هۆکاری نووسینی ئەم هەڵبەستە دەگەڕێتەوە بۆ خنکانی برازایەکی لە ڕوباری دیجلەدا گوایە ئەم شیعرە بۆ ئەو برازەیەی وتراوە.

**دووەم؛** ڕایەکی تر هەیە کە لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەدا دەوترێتەوە ئەویش ئەمەیە«پێغەمبەر(س.خ) و بێخود ڕۆژێکیان لە دوای نوێژی بەیانی مامە پیرەیەک بێخودی شاعیری بینی و پێی وت: بێخود ئەو شەو خەوێکم پێوە بینیوی،ئەویش وتی :چی بوو بۆم بگێڕەوە؟ ،مامە پیرەش دەستی بەگێرانەوەی خەوەکەی کردو وتی: لەخەونمدا پێغەمبەر(س.خ) بە تەنیشتم دا ڕۆیشت و سەلامێکی لێکردم و منیش وەڵاممدایەوە و وتم : علیکم السلام یا رسول الله یاخوا بەخێربێی فەرموو بۆ کوێ دەچی؟پێغەمبەر(س.خ) فەرمووی: دەمەوێ بچمە لای بێخودی شاعیر، پاشان هەندیک ڕۆیشت و لە نیوەی ڕێگادا گەڕایەوە و دەستێکی بڵند کرد و ڕۆیشت.مامە پیرە لە قسەکانی بەردەوام بوو کاتیک سەری هەڵبڕی سەیری کرد بێخود چاوی پڕ فرمێسک بوو بوو ، تا دڵۆپە فرمێسکەکانی ریشی تەڕکردبوو، بێخود وتی : واللە ئەمشەو لە خزمەت خۆشەویستدا بووم(س.خ) بە قەصیدەیەک تا درەنگانێکی شەو ، ئیتر لە ناوەندی قەصیدەکە ئاگام لە خۆم نەماو خەوم لێکەوت ، هەر بۆیە پێغەمبەر(س.خ) لە نیوەی ڕێگادا گەڕایەوە»(بێ ناو.٢٠٢٠) لەڕاستیشدا ڕای دووەم زیاتر ڕێی تێدەچێت چونکە تەواوی ئە و شێعرە هەر بەدەوری نەعتی پێغەمبەر(س.خ) ەوە دەسوڕێتەوە.

**بەشی یەکەم**

**تەوەرەی یەکەم:**

**دەقی چوارینەکە**

**(١)**

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**

**(٢)**

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**
**کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من**

**(٣)**

**مەجنوونی دوو گیسوویی چ لەیلایەکە ئاخۆ**
**یا وامیقی جادوویی چ عەزرایەکە ئاخۆ**
**دێوانەیی ئاهوویی چ سەحرایەکە ئاخۆ**
**کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من**

**(٤)**

**ئەتلێتەوە گاهێ بە خەیاڵی خەت و خاڵی**
**ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی**
**نازانی ئەگەر چۆنە بەدەس دەردەوە حاڵی**
**وەک پووش و پەڵاشێکە بەدەم باوە دڵی من**



(٥)

لـەو چـۆڵ و بـیـابانـە ئـەبێ یـاوەری کـێ بێ
یا بـەو کـەژ و کـێـوانـەوە سـەوداسـەری کـێ بێ
یا لەت لەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ
چـۆن مـاوە لـە سـەد لاوە کـە کـوژراوە دڵـی من

(٦)

بۆ چی نـەڕژێ سەیلی سروشکم وەکـوو بـاران
بۆ چی وەکـوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لـەو یـوسـفـە پـرسـیـومـە لـە بـێگـانـە و یـاران
هـەرگـیـز نـییـە سـۆراغـی لـە هـیـچ لاوە دڵـی من

(٧)

بـۆ خـۆی بـگـریـم یـا نـەفـەسـی پـەردەدڕاوی
یـا بـۆ جـگـەری کـون کـون و سـەدپـارەکـراوی
چی کـردووە یا ڕەب، کـە خـەو و خـواردن و ئـاوی
دایـم غـەم و بـیـداری و خـوێـنـاوە دڵـی من

(٨)

چ بـکـەم، چ بـڵـێم، بـۆ دڵـەکـەم کـاریـیـە دەردم
شاهێدی مـنـن مـوویـی سپی و چـیـهـرەیی زەردم
خـۆڕایـی نییە نـاڵـەیی گـەرم و دەمـی سـەردم
هـەڵـبـەت بـە بـەڵایـێـکـەوە ئـاڵاوە دڵـی من

(٩)

ئەو سینە لـە غـەش خاڵییە، ئـەو بێ ڕق و کینە
ئـەو خادیمی شـەرعـی نـەبـەوی و میللەت و دینە
مـەعـلـووم چـووە بـۆ خـزمـەتـی سـالاری مـەدینـە
وام زانـی کـە فـەوتـاوە، نـەفـەوتـاوە دڵـی من

(١٠)

قـوربـانـی کـەسێ بـم کـە بـە قـوربـانـی نـەبـی بێ
وەک بـەنـدە سـەگـی دەرگـەهـی شـاهـی عـەرەبـی بێ
شـاهـی عـەرەبـی یـەعـنـی قـورەیـشـی نـەسـەبـی بێ
جـەرگـی بـە دوو ئـەبـرۆی ئـەوە جـنـراوە دڵـی من

(١١)

زاتـێـکـی وەهـای گـرتـووە ڕۆحـم بـە فـیـدای ئـەو
شاهان شـەو و ڕۆژ دێنە قـەدەمبۆسی گـەدای ئەو
بێخود مـەبـە ئـیـتـر بـە ئـومـێـد و بـە تـەمـای ئـەو
نـایـێـتـەوە لات گـەر سـەری دانـاوە دڵـی من

(بێخود،٢٠١٨: ل١٠٥)

## تەوەرەی دووەم:
## بونیادی بیر

بۆ دۆزینەوەی بونیادی بیری هەڵبەستەکە سەرەتا پێویستە سەنتەری بیر دیاری بکەین.لە هەڵبەستەکەدا (دڵی من) سەنتەری بیرە و هەموو ڕوداوو بابەتەکە بەچوار دەوری (دڵی من)ەوەیە،هەڵبەستەکە هەڵدەوەشێنینەوە وەکوو چیرۆک باسی لێوە دەکەین کە بەم جۆرەیە:

شاعیر ڕۆژێکی بەسەردا دێت کە دڵی لێی ئەتۆرێت و ئەڕوات و جێی دیڵێت واتە لێرەدا (دڵی من)ی بێخود وەکو کەس یاخود مرۆڤ مامەڵەی لەتەکدا کراوە، کە تۆران و ڕۆشتن سیفەتی مرۆڤە دواتر بێخود دەکەوێتە شوێن ونبووەکەی، پرسیار دەکات، ئەبێ چی بەسەر هاتبێ،لەکوێ بێ و چووبێ بۆ لای کێ لە شاخا بێت یا لەسەحرا یا بەدەشت دەر و یاخود لەناو بەحرا خنکابێت،دواتر خۆی پرسیاری ئەوە ئەکات ئەبێت ئەوە کێ بێ یاخود چی بێ کە دڵی بردووە ئەبێ چ لایلایەک دڵی کردبێ بە مەجنون چ عەزرایەک جادووی لە دڵە وامیقەکەی کردبێ، یاخود شێتی چ ئاسکێکی بیابان نشین بووە، دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە عیشقەکەی ئەم وەک ئەوان دونیایی نییەو زۆر لەوانەش گەورەترە کە لە کۆتاییا پێیە گەداکانی مەعشوقەکەی شاهەکەن بە کۆ ریز ئەبەستن بۆ ماچ کردنی ،کەواتە لە هەڵبژاردنی مەعشوقا بێخود کەسێکی هەڵبژاردووە کە هاوشانی نییە،ئەو مەعشوقە کێیە؟ کە بەجۆرێک دڵی پەرێشان کردووە، دەمێک بۆ خەت و خاڵی ئەتلێتەوەو دەمێک وەک پەروانەی دەوری شەم تەوافی ڕووناکی ئەکا کە جگە لەبێخود کەس نازانێ ئەو دەردە ئەو ئازارە چۆن حاڵی پەرێشان کردووە، هەر لەسەرو بەندی گەڕانەکەیدا وەسفی دڵی خۆی و باسی گرنگی دڵی خۆی دەکات کە مەحرەمی ئەسرارو هەمدەم و هەمڕازو تاقانە مرواری دەگمەنی شاهانەی ئەوە کە ئەم وەسف و پیاهەڵدانە بۆ ئەوەیە کە مەعشوق بزانێت کە بێخود بە نرخترین و گەورەترین شتی خۆی پێشکەش کردووە، دواتر کاتێک کە مەعشوق ئەدۆزێتەوە بێخود ناوی ناڵێت ئەیەوێت ئێمە لە ڕێگەی سیفەت و ڕەوشتییەوە مەعشوقەکەی بناسین تا تامەزرۆی زیاترمان ببێ بۆ

ناسینی کە دەڵێ ئەو سینە لە غەش خاڵییە ئەو بێ ڕق و کینە،خادیمی شەرعی نەبەوی، میللەت و دین،کە ئەویش سالاری مەدینەیە هێشتا هەر ناوەکەی ناڵێت بەڵام پێمان ڕادەگەیەنێت کە وایزانی فەوتاوە نە فەوتاوە دڵی،خۆی لەگەڕان ڕزگاری دەبێت و دەگاتە پلەی ئارامی و ئۆقرەگرتن،دواتریش نەک بەقوربانی مەعشوق بەڵکو بەقوربانی هەرکەسێکیش دەبێت کە بەقوربانی مەعشوقەکەی ئەم بێت ،هەروەها خۆی بە سەگی بەردەرگەکەی ئەشوبهێنێ و مەعشوقیش بە شاهی عەرەبی و کە نەسەبیشی قوڕەیشییە، دواتریش لەوەتێ ئەگا کە دڵی تازە ئەمی ناوێ و جێی خۆی دۆزیوەتەوە ئەگەر سەریشی تیاچێت تازە ناگەڕێتەوە،وەک دەبینین هەتا ئاخیریش هەر ناوی پێغەمبەر(س.د)ی نەبرد ئەمیش بۆ بەگەورە زانینی ئەو خۆشەویستەیە چونکە خۆی بە سەگ شوبهاندووە پێی گوناهە ناوی موبارەکی بەسەردەمی سەگێکدا بێت.

ئەم بەسەرهاتە چیمان بیردەخاتەوە؟

کاتێک کە بەسەرهاتی دڵی بێخودمان گوێلێدەبێت ڕاستەوخۆ بەسەرهاتی «زەیدی کوڕی حاریسە»(ویکیبیدیاك،٢٠٢٠)مان بەخەیاڵدا دێت کە بێخود بە باوکی زەید چوێنراوەو دڵی بێخودیش زەیدە،وەهای دەگێڕنەوە کە زەید بە منداڵی دزراوەو لە شوێن و جێگەی خۆی دورخراوەتەوەو هێنراوە لە بازاڕی عوکازی مەککەدا فرۆشراوە پێغەمبەر(س.د)زەیدی کڕیوەتەوە بۆ خێزانەکەی دوای ماوەیەکی زۆر کاتێ حاجیان دێنە مەککە و زەید دەناسنەوەو هەواڵ بەباوک وکەس و کاری زەید دەدەن کە زەید ماوەو لەمەککەیە دواتر کەسوکاری زەیدو باوک ومامی دێنو زەید دەدۆزنەوەو دەیانەوێت لەگەڵ خۆیانا بیگەڕێننەوە،بەڵام پێغەمبەر(س.د) ئازادی هەڵبژاردن دەداتە زەید لە نێوان باوکی و خۆیدا، بەڵام زەید مانەوە لەگەڵ پێغەمەر(س.د)هەڵ دەبژێرێت، کە دواتر زەید لە(غزوة مؤتة)شەهید دەبێت و سەری دادەنێت، هەربۆیە دڵی بێخودو زەید لێکچونێکی زۆرهەیە لەنێوانیاندا لەوەی کە هەردوکیان واز لە خاوەنەکانیان دێنن بۆ پێغەمبەر(س.د)وەک دەبینین دوورنییە ئەم بەسەرهاتە هەوێنی ئەم شیعرەی بێخود بێت.



### تەوەری سێیەم:
### پەیامەکان لە ڕووی بەرژەوەندییەوە:

مەبەستمان لە بەرژەوەندی بریتیە لە هەموو ئەو شتانەی سودێک بە مرۆڤ دەگەیەنێت جا ئەو بەرژەوەندییە دەکرێت چێژێک بێت ئامۆژگارییەک بێت پیشاندانی ڕێگایەکی دونیای یا دینی یا زانستی هتد..«بەرژەوەندی بریتیە لە هەموو ئەو پەیامانەی دەقی ئەدەبی ،کە دونیایەکی ئاسودەو قیامەتێکی ئاسودە بۆ ئادەمیزاد وەدەست دەخەن،ئەویش بریتییە لە خۆشەویستکردنی هەموو ئەو بەها ژیاری و ئاینیانەی زامنی ئەو ئاسودەییە دەکەن،کە ئادەمیزاد خەونی پێوە دەبینێ وەکو خودا ناسی ئایناسی دونیا ناسی ژیانسازی..»(عەبدوڵلا،٢٠٢١:ل٣٦). لە ژێر ڕۆشنیایی ئەم تێڕوانینە ئەگەر سەری بەرژەوەندییەکانی ئەم هەڵبەستە بکەین دەگەینە ئەم ئەنجامانە؛

١- بەرژەوەندی دینی: سەرانسەری بابەتەکە پەیوەنی ڕوون و ئاشکرای دینی دەردەخات کە ئەوە دینە مرۆڤ دەکاتە خاوەن دڵێکی ئارام و مرۆڤ بەبێ دین هەمیشە دڵی لە گووم ڕایی و ئازارو تلاناوەیە بەدەم دەردەوە

٢- بەرژەوەندی دوونیایی: هەموو بەرژەوەندییەکی دینی دونیایشە،چوون بەتایبەت دینی ئیسلام ژیاندۆستەو دەبێت بۆ دونیاش هیمەتت هەبێت،نەک تەنیا بۆ مردن بژیت خزمەت کردنی دین لەخۆیدا هەڵگری چەمکی بەختەوەرییە بۆ دونیا.

٣- هەوڵدان و کۆڵ نەدان: لەم هەڵبەستەدا بێخود فێری کۆڵنەدانمان ئەکات کاتێک سەرەتا خۆی ئەخاتە ژێر چەندین پرسیاری قورسەوە وەک بە چ شاخێکەوە گیرساوە، بە چ داخێکەوە سوتاوە، کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، مەجنوونی چ لەیلایەک بووە،دێوانەی چ ئاهوویەک بووە... هەموو ئەم ئەگەرانە ڕێگەکە قورستر ئەکەن کە خۆی بە پوش و پاڵاشیک ئەچوێنێ بەدەم باوە بەڵام

کۆڵیش نادا هەتا ئەوەی کە دەیەوێت دەیدۆزێتەوە.

٤- خۆش ویستنی پێغەمبەر(س.د) بێخود دەیەوێت خۆشەویستی ئەو نازدارە بە کردەوەیی لەژیانمانا ڕەنگ بداتەوە کە دەبێت ئازیزترین شتەکانی خۆمان لە پێناو ئەو گلێنەی دوو چاوەدا بەخت بکەین وە ئەم هەڵبەستە ئەوە دەسەلمێنێت کە بێخود پێغەمبەر(س.د)ی لە خۆی و لەدایکو باوکی و تەواوی شتەکانی خۆشتر دەوێت،وە بەجۆرێک عاشقی ئەو سەرورەیە کە خۆی بە سەگی بەردەرگای دەشوبهێنێت.

## بەشی دووەم:

## جوانی لەمۆسیقادا:

مەبەست لە مۆسیقا هەموو ئەو دەنگ و ریتم و ئاوازانەیە کە پێکەوە هارمۆنەتیکێک دروست دەکەن لە دەقێکدا یاخود هاو ئاهەنگیەک بونیاد دەنێن کە بە بیستنیان هەست بەو رێکی و جوانیە دەکرێت ،هەرچەنە شاعیر لێزان و زاناتر و وەستایانە تربێت لە سەنعەتکاری شیعردا ئاوازەکان خۆشترو مۆسیقاکان دڵ نشینتر دەبن«مۆزیقا کە دەنگی تێداهەیە ئەویش هونەرێکە کە ئەتوانێ ئەم هەست و گیانە بە جیهانەکەی تر بگەیەنێ.کەوابوو هۆنراوە ئەبێ ئەو دەنگەی تێکەڵاو بێت کە ئێمە بە مۆزیقا ناوی ئەبەین،تێکەڵاو بێ بۆ ئەوەی تەوزیمی خۆی بەجێ بێنێ!..ئەوا بەم جۆرە هۆنراوەو مۆزیقا تێکەڵاو بوون ،وەهۆنراوە سرووشێکە کە پێویست بوو کە ئەو سرووشە بە دەنگ بگەیەنرێت بە مەردم»(سەججادی،٢٠١٨:ل٢٢٩).کەواتە مۆسیقا کاتێک ئاوێزانی شیعر دەبێت دەبێتە دەرچەیەک یا دەلاقەیەک بۆ جیهانێکی تر کە وشە کۆشک و سەراکەی چنیووە.مۆسیقاش دابەش دەبێتە سەر دوو بەش:

## تەوەری یەکەم:

## مۆسیقای دەرەوە مۆسیقای دەرەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت کە بریتین لە کێش و سەروا:

### ١-: کێش:

**کێش:** لە کۆنەوە چەند پێوەرێک دانراوە بۆ بەراوردکردن و جیاکردنەوەوی شیعر لە پەخشان و بابەتە ئەدەبیەکانی تر وە خاڵی هەرەگرنگ و سەرەکیش کێشە،((کێش هۆنینەوەو گونجاندنێکی تایبەتییە لە دەنگ ،ئەم هۆنینەوەو گونجاندنەی دەنگەکان لای میللەتە جیاجیاکان چەشنە ئاوازو مۆسیقایەک دەردەخات)) (شمسیا، ١٣٨٣:ل٦). د.عەزیز گەردی لەبارەی کێشەوە دەڵێت: ((کێشی شیعر ئاوازەو ئاوازی شیعریش لە دەنگەوە دێت.لەگەڵدەنگی هاوبەشی زمانەکاندا ،هەرزمانەو ژمارەو هەندێ دەنگی تایبەتی خۆی هەیەو بە پێی کۆمەڵە سیستەمێکی تایبەتی کار دەکا.هەر ئەمەیشە وای کردووە کۆمەڵ بنەمایەکی جیاوازی کێشی شیعری پەیدا دەبێت))(گەردی،٢٠١٤:ل٩).لە ئەدەبیاتی کوردیدا دوو جۆرە کێش هەیە یەکێکیان کێشی خۆماڵیە کە بەپەنجە دە ژمێردرێت ئەوی تریش کێشی عەرووزی عەرەبیە، ئێمە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی دەوەستین،زانستی عەرووز بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی ١٠٠ھ -١٧٥ھ) یەوە داهێنراوە (خەلیل )زانایەکی شارەزابووە لە بواری نەحو سەرف و ئاوازدا(یافعي، ٢٠٢٠) عەروز زانستێکە لە کێشی شیعری دەکۆڵێتەوە بە هۆیەوە درووستی و نادروستی بەکارهێنانی کێشەکانی پێ دەستنیشان دەکرێت. کێشی شیعری عەروزی بە ستوونی بەسەر دوو نیوە دێڕدا دابەش دەبێت،کە نیوە دێڕی یەکەم پێ دەگوترێت (سەدر) نیوەدێڕی دووەم پێی دەگوترێت (عەجز) کە هەریەک لەم سەدرو عەجزەش لە چوار پێ پێک هاتوونە هەر پێیەکیش ناوی تایبەتی خۆی هەیە،ئەم دابەشکردنەی عەزیز گەردی بەتەواوی دێڕە شیعری عەروزی ڕوون دەکاتەوە.



| دێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــڕ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەدر | | | | عەجز | | | |
| سەدر | حەشوو | حەشوو | عەرووز | ئیبتیدا | حەشوو | حەشوو | زەرب |

(گەردی،٢٠١٤: ل٢٤)

شیعری (دڵی من) لەسەر کێشی عەروزی (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)ە دیارە کە دەڵێین کێشی هەزەج دەبێ بچینەوە سەر ئەسڵەکەی و دواتر بزانین کێشەکە چۆن بووە بە ئەخرەب پاشان مەکفوف دواتریش مەحزوف .ئەسڵی کێشی هەزەج (هەزەجی هەشتی تەواو)ە کە لە چوار پێ یاخود تەفعیلە پێک دێن کە بریتیین لە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) کە لە بڕگەیەکی کورت و سێ درێژ پێکهاتووە، کە هەرگۆڕانێک لەو پێیانەدا ناوی کێشەکە دەگۆڕێت،لەم خشتەیەی خوارەوەدا پێیەکانی چۆنێتی گۆڕانەککاریەکان ڕووندەکەینەوە کە سەرەتا پێیەکان وەکو خۆیان دەنوسین دواتر ئەو پیتەی کە دەگۆڕێت پاشان پێیەکە چۆن دەنوسرێتەوە دواتر ناوەکەی دەبێت بە چی.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | مفاعیلن | هەزەج |
| فاعیل | مفاعیل | مفاعیل | مفاعی | گۆڕانکارییەکان |
| مفعول | مفاعیل | مفاعیل | فعولن | کێشی نوسین |
| سەدر<br>ئیبتیدا | حەشوو<br>حەشوو | حەشوو<br>حەشوو | عەرووز<br>زەرب | ناوی پێیەکان |
| ئەخرەب | مەکفوف | مەکفوف | مەحزووف | ناوی<br>گۆڕانکارییەکان |

ناوی هەریەک لەو گۆڕانکاریەنە لە زمانی عەرەبیدا لە سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە کە ئاماژە بە واتای ناوەکانیان دەکەین« خەرب: لە زماندا بەواتای گوێ کونکردن هاتووە،وەک زاراوەش لابردنی یەکەم پیت و دوا پیتی پێی (مفاعیلن)ە و دەیکات بە (فاعیل) یان (مفعولن)»(باڵەکی،٢٠١١:ل٣٤).

«**کەف:** لە زماندا واتا وازهێنان،وەک زاراوەش بریتییە لە لابردنی حەوتەم پیتی وەستاوی پێ لەناو سەبەبدا، وەکو:مفاعیلن←مفاعیل»(باڵەکی،٢٠١١:ل٣١).

«**حەزف:** فڕێدانی سەبەبی سووکی کۆتایی تەفعیلەیە،ئەو تەفعیلەیەی حەزفی دەچێتە سەر دەبێتە مەحزوف(...)مفاعیلن+حەزف=مفاعی دەگۆڕدرێتەوە بە (فعولن)»(عەزیز،٢٠١٦:ل٢٩).گۆڕانکارییەکان بەو جۆرە بوونە بە ئەخرەبی ماکفوفی مەحزووف وەکێشەکەش خۆی هەزەجە لەبەر ئەوەی ئەسڵی کێشی هەزەجی چوار هەنگاویش لە هەر سەدر و عەجزێکدا هەشت بڕگەیە ئەو ناوەی وەرگرتووە هەرچەندە ئەم زاراوەیە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی یاخود بە کوردی کراوە بووە بە «هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو»(فەرهەنگی ئەناهیتا،٢٠١٣). لەم خشتەیەی خوارەوەدا تەواوی شیعری (دڵی من) دەنوسینەوە و بڕگەو تەفعیلەکانی دیاری دەکەین هەر بڕگەیەک لەناو خانەیەک دادەنێن کە بەرامبەربێت لە گەڵ درێژی یاخود کورتی بڕگەکەو هاوکات بەرامبەریش بێت لەگەڵ وشەی تەفعیلەکە و ژماری بڕگەکەدا بۆ بڕگەی درێژ هێمای – دادەنێینو بۆ کورت Uدادەنێین.

| مف | عو | ل | م | فا | عی | ل | م | فا | عی | ل | ف | عو | لن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| - | - | U | U | - | - | U | U | - | - | U | U | - | - |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
| لەو | ڕۆ | ژە | وە | ڕۆ | یش | تو | وە | تۆ | را | وە | د | ڵی | من |
| هەر | چەند | ئە | گە | ڕێم | بێ | سە | ر و | شوێن | ما | وە | د | ڵی | من |
| ئا | خۆ | بە | چ | شا | خێ | کە | وە | گیر | سا | وە | د | ڵی | من |
| یا | خۆ | بە | چ | دا | خێ | کە | وە | سوو | تا | وە | د | ڵی | من |
| ئەو | هەم | دە | می | غەم | خوا | ر و | نە | دی | می | م | نە | یا | ڕەب |
| ئەو | مەح | رە | می | ئەس | را | ر و | قە | دی | می | م | نە | یا | ڕەب |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەو | گەو | هە | ری | شەە | وا | ر و | یە | تی | می | م | نە | یا | ڕەب |
| کەو | تۆ | تە | چ | بەح | ڕێ | کە | وە | خن | کا | وە | د | ڵی | من |
| مەج | نوو | نی | دوو | گی | سوو | یی | چ | لەی | لا | یە | کە | ئا | خۆ |
| یا | وا | می | قی | جا | دوو | یی | چ | عەز | را | یە | کە | ئا | خۆ |
| دێ | وا | نە | یی | ئا | هوو | یی | چ | سەح | را | یە | کە | ئا | خۆ |
| کام | چیهـ | ڕە | پە | ری | دی | وە | کە | تر | سا | وە | د | ڵی | من |
| ئەت | لێ | تە | وە | گا | هێ | بە | خە | یا | ڵی | خە | ت و | خا | ڵی |
| ئەخ | لێ | تە | وە | گا | هێ | بە | چ | رای | شەو | قی | جە | ما | ڵی |
| نا | زا | نی | ئە | گەر | چۆ | نە | بە | دەس | دەر | دە | وە | حا | ڵی |
| وەک | پوو | شو | پە | ڵا | شێ | کە | بە | دەم | با | وە | د | ڵی | من |
| لەو | چۆ | ڵو | ب | یا | با | نە | ئە | بێ | یا | وە | ری | کێ | بێ |
| یا | بەو | کە | ژ و | کێ | وا | نە | وە | سەو | دا | سە | ری | کێ | بێ |
| یا | لەت | لە | تو | ئەف | گا | ری | مو | ژەی | خەن | جە | ری | کێ | بێ |
| چۆن | ما | وە | لە | سەد | لا | وە | کە | کوژ | را | وە | د | ڵی | من |
| بۆ | چی | نە | ڕ | ژێ | سەی | لی | س | روش | کم | وە | کوو | با | ران |
| بۆ | چی | وە | کو | یا | قووب | نە | ب | مە | شوهـ | ڕە | یی | شا | ران |
| لەو | یو | س | فە | پر | سیو | مە | لە | بێ | گا | نە | وو | یا | ران |
| هەر | گیز | نی | یە | سۆ | را | غی | لە | هیچ | لا | وە | د | ڵی | من |
| بۆ | خۆ | یی | ب | گریم | یا | نە | فە | سی | پەر | دە | د | ڕا | وی |
| یا | بۆ | ج | گە | ری | کون | کو | ن و | سەد | پا | ڕە | ک | را | وی |
| چی | کر | دو | وە | یا | ڕەب، | کە | خەو | خ | وار | د | ن و | ئا | وی |
| دا | یم | غە | م و | بی | دا | ر | ی و | خوێ | نا | وە | د | ڵی | من |
| چ ب | کەم، | چ | ب | ڵێم | ، بۆ | د | ڵە | کەم | کا | ری | یە | دەر | دم |
| شا | هێ | دی | م | نن | موو | یی | س | پی و | چیهـ | ڕە | یی | زەر | دم |
| خۆ | ڕا | یی | نی | یە | نا | ڵە | یی | گەر | م و | دە | می | سەر | دم |
| هەڵ | بەت | بە | بە | ڵا | یێ | کە | وە | ئا | ڵا | وە | د | ڵی | من |
| ئەو | سی | نە | لە | غەش | خا | ڵی | یە، | ئەو | بێ | ڕ | قو | کی | نە |
| ئەو | خا | دی | می | شەر | عی | نە | بە | ویو | میل | لە | تو | دی | نە |
| مەع | لووم | چو | وە | بۆ | خز | مە | تی | سا | لا | ری | مە | دی | نە |
| وام | زا | نی | کە | فەو | تا | وە | ، نە | فەو | تا | وە | د | ڵی | من |
| قور | با | نی | کە | سێ | بم | کە | بە | قور | با | نی | نە | بی | بێ |
| وەک | بەن | دە | سە | گی | دەر | گە | هی | شا | هی | عە | ڕە | بی | بێ |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شا | هی | عە | رە | بی | یەع | نی | قو | ڕەی | شی | نە | سە | بی | بێ |
| جەر | گی | بە | دو | ئەب | ڕۆی | ئە | وە | جن | را | وە | د | ڵی | من |
| زا | تێ | کی | وە | های | گر | تو | وە | ڕۆ | حم | بە | فی | دای | ئەو |
| شا | هان | شە | و و | ڕۆژ | دێ | نە | قە | دەم | بۆ | سی | گە | دای | ئەو |
| بێ | خود | مە | بە | ئی | تر | بە | ئو | مێ | د و | بە | تە | مای | ئەو |
| نا | یێ | تە | وە | لات | گەر | سە | ری | دا | نا | وە | د | ڵی | من |

وەک دەبینین کێشەکە بەتەواوی دروستەو هیچ لەنگیەکی تێدا نییە جگە لە چەند وشەیەک کە پێدەچێت هەڵەی ڕێنوسی بێت بەڵام ئێمە بۆ جوانکاری شیعرەکە لامان بردوون وەک چوارینەی (سێیەم) لە وشەکانی (لەیلاییێکە، عەزراییێکە، سەحراییێکە) کە نیشانەی نەناسروێکە بە (ییک) نوسراوە کە لەنگی لەکێشە دروست دەکات بەڵام ئەگەر بیکەینەوە بە (یەکە) کێشەکە بەتەواوی دروست دەبێت. یاخود (ویسف) کە کراوە بە (وێسف) کە ئەویش لەنگی دروستدەکات.

**٢:- سەروا:**

سەروا بریتییە لەچەند دەنگێک یاخود چەند پیتێک کەلەکۆتای دێڕی شیعریدا دووبارە دەبنەوە،بەواتایەکی دی سەروا چوون یەک کردنی چەند دەنگێکە لەکۆتایی دێڕەکاندا کە مۆسیقایەکی تایبەتی بە شیعر دەبەخشێت،سەروا هەمیشە لە نیوە دێڕی دووەمدا یاخود لە کۆتا دێڕی کۆپلەدا دێت«بریتیە لەدەنگێک یاخود کۆمەڵە دەنگێک کە لەکۆتایی هەموو دێڕێکدا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود کۆپلەیاکدا دووبارەدەبێتەوە و ئاوازو مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە»(مستەفا،٢٠٠٩:ل١١٨).هەروەها عەزیز گەردی لە بارەی سەرواوە دەڵێت«سەروا لەسەر یەکبوونی یەک یان چەند دەنگێک،واتە دووبارەبوونەوەی دەنگە لێکچووەکان لە مەدای زەمەنی تایبەتدا درووستبووە ئەم دووبارەبوونەوەیە لەگەڵ رەگەزی جۆراوجۆری بەیەکەوەبایی و تریە دروستدەکەن لەوکاتەدا قسە وەکو ئاوی ڕەوان دەڕوا بەدارشتنی ساناو وشەی ناسکی وا کە ڕستەو دێڕەکانی هۆنراوەکە کارێکی وا لە دڵ بکەن کە بەشتی تر نەکرێ»(گەردی،١٩٩٩:ل٣٢). هەروەها

د.ابراهیم ئەنیس لەبارەی سەرواوە دەڵێت«سەروا هیچ نییە جگە لە دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێک لە کۆتای دێڕو بەیتەکانی قەسیدەدا وە دووبارەبوونەویان کە دەبێتە بەشێکی گرنگی مۆسیقای شیعری ،وەکو وەستانی مۆسیقی کە گوێگر چاوەڕێی دووبارەکردنەوەی دەکات ئەم دووبارەبونەوەیە چێژ بەخش دەبێت کە بەر گوێ دەکەوێت لە کاتێکی ڕێکخراودا»(انیس،١٩٥٢:ل٢٤٤). کەواتە سەروا هەموو ئەو دەنگە دووبارانەن کە لە کۆتایی دێڕو کۆپلەکاندا دووبارە دەبنەوە کە بە پێی بەکارهێنانیان جۆروو شێوازی زۆرە بەڵام ئێمە تەنیا جۆری ئەو سەروایە دیاری دەکەین کە شیعری (دڵی من)ی لەسەر هەڵچنراوە.هۆنراوەکەی بێخود چواینەیە واتە لە چوار نیوە دێڕ پێک دێت،چوارینەی یەکەم هەر چوار نیووە دێڕەکەی لەسەر یەک سەروایە و باقی چوارینەکانی تر نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم یەک سەروایان هەیە و چوارەم لەگەڵ چوارەم دێڕی تەواوی هۆنراوەکەدا یەک سەروای هەیە کە چوارینەی سەرەتای موسەرڕەعی پێدەگوترێت وەک:

AAAA،BBBA,CCCA,DDDA,EEEA

ئێمە هەوڵدەدەین وشەی سەرواکان و ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەویەکان هەموویان دیاری بکەین سەرەتا چوارینەی یەکەم و نیوە دێڕی چوارەمی هەموو هۆنراوەکە وەردەگرین پاشان نیوەدێڕی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەموو هۆنراوەکە بەدوی یەکدا وەردەگرین و دیاریان دەکەین.

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**
**کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من**

ئەگەر سەرنجی چوارینەی یەکەم بدەین دەبینین وشەی سەروا پێکهاتووە لە هەریەک لە(تۆراوە، ماوە، گیرساوە، سووتاوە).

**ڕەوی:** ( دوا پیتی بنجی وشەکەیە ) بریتییە لە (و) ئەم پیتە لە چوارینەی یەکەم و تەواوی چوارەم نیوە دێڕی هۆنراوەکەدە دووبارە بۆتەوە وەکوو ڕەوی بەبێ ئەوەی هیچ لەنگیەکی تێ کەوتبێت،کە هەموو وشەکان ئەمانەن(تۆراوە، ماوە، گیرساوە، سووتاوە،خنکاوە،ترساوە،باوە،کوژراوە،لاوە،خوێناوە،ئالاوە،فەوتاوە،جنراوە،داناوە).

**پێش ڕەوی:** پیتی پێش (و) کە بریتییە لە (ا) بزوێنی درێژ لە چوارینەی یەکەم و نیوە دێڕی چوارەمی هەموو هۆنراوەکەدا دووبارە بۆتەوە.

**پاش ڕەوی(ڕەدیف): دوو دەرکەوتنی هەیە:**

**یەکەم:** پیت بریتییە لە پیتی (ە) بزوێنی کورت کە لەدوای هەموو ڕەویەکانەوە دووبارە بۆتەوە.

**دووەم:** گرێ بریتییە لە گرێی (دڵی من) لە چوارینەی یەکەم و نیوە دێڕی چوارەمی هەموو هۆنراوەکەدا دووبارە بۆتەوە.

لە چوارینەی دووەمدا وشەی سەروا بریتین لە(نەدیمی،قەدیمی ،یەتیمی ) کە ڕەوی پیتی (م)ەو پێش ڕەوی پیتی (ی ) ەو پاش ڕەوی پیتی (ی ) و گرێی (منە یاڕەب)ە.

لە چوارینەی سێیەمدا وشەی سەروا (لەیلایەکە،عەزرایەکە سەحرایەکە ) کە ڕەوی پیتی (ا )بزوێنی درێژە و پاش ڕەویش نیشانەی نەناسراوی (ەکە ) و وشەی (ئاخۆ )یەلە چوارینەی چوارەمدا وشەی سەروا (خاڵی ،جەماڵی، حاڵی ) ڕەوی پیتی (ڵ )ە و پێش ڕەوی بزوێنی درێژە. لە چوارینەی پێنجەمدا وشەی سەروا (یاوەری، سەوداسەری، خەنجەری ) ڕەوی پیتی (ر)ە پێش ڕەوی بزوێنی کورتەو پاش ڕەوی پیتی (ی ) و (کێ بێ ) یە. لە چوارینەی شەشەمدا وشەی سەروا (باران ،شاران ،یاران) لەم وشانەدا شار ،یار نیشانەی کۆی (ان)یان وەرگرتووە بەڵام باران خۆی وشەیەکی سەربەخۆیە بۆیە ناتوانین بڵێین ڕەوی تەنیا پیتی (ر) واباشترە ڕەوی بە هەموو پیتەکانی (اران) دابنێین.لە چوارینەی حەوتەمدا وشەی سەروا (پەردەدڕاوی ، پارەکراوی ، ئاوی ) ڕەوی پیتی (و)ە پێش ڕەوی پیتی بزوێنی درێژە و پاش ڕەوی پیتی (ی )یە.لە چوارینەی هەشتەم وشەی سەروا (دەردم ،زەردم ،سەردم) ڕەوی پیتەکانی (رد)ەو پێش ڕەوی بزوێنی کورتەو پاش ڕەوی جێناوی لکاوی (م)ە.لە چوارینەی نۆیەمدا وشەی سەروا (کینە ، دینە ،مەدینە ) ڕەوی پیتی (ن) و پێش ڕەوی پیتی (ی )پاش ڕەوی پیتی بزوێنی کورتە.لە چوارینەی دەیەمدا وشەی سەروا (نەبی، عەرەبی، نەسەبی ) ڕەوی پیتەکانی (ەبی ) یە پاش ڕەوی وشەی (بێ )یە.لە چوارینەی یازدەیەمدا وشەی سەروا (فیدای ، گەدای ، تەمای ) ڕەوی پیتی (ا) یەو پاش ڕەوی پیتی (ی ) جێناوی سەربەخۆی (ئەو)ە.جگە لە سەروای کۆتایی سەروای ناوەکیشی بە کارهێناوە بە تایبەتی لە دوو چوارینەدا کە بەڕاستی لەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگمەنە،

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەو | هەمدەمی | غەمخوار | و نەدیمی | منە یا ڕەب |
| ئەو | مەحرەمی | ئەسرار | و قەدیمی | منە یا ڕەب |
| ئەو | گەوهەری | شەهوار | و یەتیمی | منە یا ڕەب |

لەم سێ نیوە دێڕەدا ئەگەر ورد بینەوە هەموو وشەکان جگە لە(گەوهەر) کە بریا وشەیەکی وەکو (سەرجەم )ی بەکار دەهێنا هەموو وشەکانی دی هاو ڕیتم و هاو ئاواز و هاو کێشو هاو سەروان بەتایبەت لە وشەکانی (نەدیم ،قەدیم ،یەتیم) تەنیا پیتی یەکەمی وشەکان گۆڕدراون،ئەمەش ئاماژەیە بە زمان زانی و مێشک دەوڵەمەندی لە فەرنگی زماندا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەجنوونی دوو | گیسوویی | چ لەیلاییکە | ئاخۆ |
| یا واميقی | جادوویی | چ عەزراییکە | ئاخۆ |
| دێوانەیی | ئاهوویی | چ سەحراییکە | ئاخۆ |

بەهەمان شێوە ئەو وشانەی دیاریمان کردون هاو ئاوازو هاو کێش و هاو سەروان.

## تەوەری دووەم:
## مۆسیقای ناوەوە:

بریتیە لە ڕێکخستنی ورد و دڵگیری وشەو دەنگەکان بەهۆی دووبارەکردنەوەو پاش و پێشخستنی وشەو دەنگەکان «مۆسیقای ناوەوەی شیعرخۆی لە ڕێکخستنی وردو جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ»(مستەفا،٢٠٠٩:ل١٣٠). بێخودی شاعیر زۆر بە وردی مۆسیقای ناوەوەی بەکار هێناوە کە جوانیەکی لە ڕادە بەدەری بە شیعرەکە بەخشیووە کە هەموو وشەکانی وەستایانە هەڵچنیووە هەوڵدەدەین دانە دانەیە لایەنە جوانیەکەیان بخەینە ڕوو.

**دووبارە کردنەوەی دەنگ لە باری ئاسۆیدا:**

دووبارەبوونەوەی چەند جارەی دەنگێکە لەناو نیوەدێڕێکدا لەسەر ئاستی ئاسۆیی.
لەم نیوەدێڕانەدا ئەو دەنگانە دیاری دەکەین کە بەشێوەی ئاسۆی دووبارە بوونەتەوە.

**لــەو ڕۆژەوە ڕۆیــشــتــووە تــۆراوە دڵــی من**

(دووبارەبوونەوەی دەنگی (وە) سێ جار)

**وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ**

(دووبارە بوونەوەی دەنگی (ی) چوار جار)

**شاهـی عـەرەبـی یەعنی قورەیشی نـەسەبی بێ**

(دووبارە بوونەوەی دەنگی (ی) پێنج جار)

**چ بـکـەم چ بـڵێم بـۆ دڵـەکـەم کـاریـیـە دەردم**

(دووبارە بوونەوەی جێناوی لکاوی (م) چوارجار)

**شاهێدی منن موویی سپی و چیهرەیی زەردم**

(دووبارە بوونەوەی دەنگی(ی) چوار جار)

لەم نیوە دێڕانەدا ئەو دەنگوو پیتانە دووبارە بوونەتەوە مۆسیقایەکی جوانیان بە دێڕەکان داوەو هەمووشیان کەوتوونەتە کۆتایی وشەکان ئەمیش ئاوازەکەی ڕەوانترو خۆشتر کردووە.

**دووبارە کردنەوەی دەنگ لە باری ستوونیدا:**

واتە ئەو دەنگانەی کە بەشێوەی ستوونی لە نیوە دێڕەکاندا لەڕاست یەکدا دێن:

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**

دووبارە بوونەوەی پیتەکانی(ەمی ) لەهەرسێ نیوەو دێڕەکەداو لە وشەی یەکەمدا،دووبارەبوونەوەی (ار) لە وشەی دووەمی هەرسێ نیوەو دێڕەکەدا،هەروەها دووبارە بوونەوەی (یمی) لە وشەی سێیەمی هەرسێ نیوە دێڕەکەدا،هەموو ئەمانە هەموو ڕێکیەکی ناوازەی بە شیعرەکە داوە.

**مەجنوونی دوو گیسوویی چ لەیلایێکە ئاخۆ**
**یـا وامـیـقـی جـادوویـی چ عـەزرایـێـکـە ئاخۆ**
**دێـوانـەیـی ئـاهـوویـی چ سـەحـرایـێـکە ئاخۆ**

**لـەو چـۆڵ و بیابانە ئـەبێ یـاوەری کێ بێ**
**یا بـەو کـەژ و کێوانەوە سـەوداسـەری کێ بێ**
**یا لەت لەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ**

دووبارە بوونەوەی هەموو ئەو وشانەی دەستنیشانمان کردون لە ڕاستی یەکتر بەشێوەیەکی ستوونی بێگومان مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی جوانتر کردووە.

**دووبارە بوونەوەی وشە لە باری ئاسۆیدا:**

دووبارە کردنەوەی وشەیە لە یەک نیوەدێڕدا.

**چ بکەم چ بڵێم بۆ دڵەکەم کارییە دەردم**

دووبارە بوونەوەی پەیڤی پرسی (چ)

**ئەو سینە لەغەش خاڵییە ئەو بێ ڕق و قینە**

دووبارە بوونەوەی جێناوی سەربەخۆی (ئەو)

**قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبێ بێ**

دووبارە بوونەوەی وشەی (قوربانی)

**دووبارە بوونەوەی وشە لەباری ستوونیدا:**

واتە دوو بارە بوونەوەی وشەیەک لە دوونیوە دێڕ یان سێ نیوە دێڕدا لە ڕاستی یەکتریدا جگە لە گرێی (دڵی من) کە چواردە جار لە تەواوی شیعرەکەدا هاتووە ئەم وشانەی تریش هەن:

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**

جێناوی سەربەخۆی (ئەو) لە هەرسێ نیوەدێڕەکەداو لەسەرەتای ڕستەوە دووبارەبۆتەوە، (منە یارەب) بە پێچەوانەوە لەکۆتایی هەرسێ نیوە دێڕەکەدا دووبارە بۆتەوە.

**مەجنوونی دوو گیسوویی چ لەیلاییکە ئاخۆ**
**یا وامیقی جادوویی چ عەزراییکە ئاخۆ**
**دێوانەیی ئاهوویی چ سەحراییکە ئاخۆ**

پەیڤی پرسی (چ) سێ جار لەدوای وشەی دووەمی هەرسێ نیوەدێڕەکەوە هاتووە،(ئاخۆ) لە کۆتایی نیوە دێڕەکانەوە دووبارە بۆتەوە.

**لەو چۆڵ و بیابانە ئەبێ یاوەری کێ بێ**
**یا بەو کەژ و کێوانەوە سەوداسەری کێ بێ**
**یا لەت لەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ**

**بۆ چی نەرژێ سەیلی سروشکم وەکوو باران**
**بۆ چی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران**

**ئەو سینە لە غەش خاڵییە، ئەو بێ ڕق و کینە**
**ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە**
**وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ**
**شاهی عەرەبی یەعنی قوڕەیشی نەسەبی بێ**

**زاتێکی وەهای گرتووە ڕۆحم بە فیدای ئەو**
**شاهان شەو و ڕۆژ دێنە قەدەمبۆسی گەدای ئەو**
**بێخود مەبە ئیتر بە ئومێد و بە تەمای ئەو**

هەموو ئەو پیت و وشانەی دەستنیشانمان کردوون بەشێوەی ستوونی لە نیوە دێڕەکاندا دووبارە بوونەتەوە.

**تەوەرەی سێیەم:**
**هونەرەکانی جوانکاری لە هۆنراوەکە**

لە جوانکاریدا مەبەستمان ئەو هونەرانەی جوانکارییە کە لە زانستی ڕەوانبێژیدا هەن کە لە دوو ئاستدا دەردەکەون.

**یەکەم: جوانکاری وشەیی:**
هەموو ئەو جوانکاریانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی وشەدا دەکرێت.

**ڕەگەزدۆزی:**
یەکێکە لەو دیاردانەی کە لەپێکهێنانی مۆسیقای ناوەوە ڕۆڵی هەیە.«بریتییە لەبوونی دوو وشە لە دەربڕیندا لێکچووبن و لەواتادا جیاواز بن»(عەبدوڵڵا،٢٠١٢:ل١٣).
ڕەگەز دۆزی تەواو و ناتەواومان هەیە کە ناتەواو (٦) جۆرە تەنیا ئاماژە بەوانە دەکەین کە لەم شیعرەدا بەرجەستەن.لە سەرجەمی هەڵبەستەکەدا ڕەگەزدۆزی تەواوی تێدا نییە.
ڕەگەز دۆزی ناتەواوی جودا:بریتیە لە دوو وشە کە ژمارەو شێوەی ڕیزبوونی پیتەکانی وەک یەک بێت تەنیا لە یەک پیتدا لە یەک جیاواز بن.

**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**

ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا لە نێوان وشەی (شاخێکەوە،داخێکەوە)دا هەیە لە پیتی (ش،د) جیاوازن.

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**

لەوشەکانی (نەدیمی،قەدیمی،یەتیمی) ڕەگەزدۆزی

ناتەواوی جودا هەیە تەنیا لەپیتی (ن،ق،ی) جیاوازن.

**ئەتلێتەوە گاهێ بە خەیاڵی خەت و خاڵی**
**ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی**
**نازانی ئەگەر چۆنە بەدەس دەردەوە حاڵی**

وشەکانی (خاڵی،حاڵی)تەنیا لە پیتی (خ،ح) جیاوازن.

**بۆ چی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکوو باران**
**بۆ چی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران**
**لەو یوسفە پرسیومە لە بێگانە و یاران**

(باران،شاران،یاران)تەنیا لە پیتی یەکەمدا جیاوازن.

**چ بکەم، چ بڵێم، بۆ دڵەکەم کارییە دەردم**
**شاهێدی منن مووییە سپی و چیهرەیی زەردم**
**خۆڕایی نییە ناڵەیی گەرم و دەمی سەردم**

(دەردم،زەردم،ســـەردم) تەنیا لە لە یەکەم پیتا جیاوازن.

**ڕەگەز دۆزی ناتەواوی زیاد:-** بریتییە لە بوونی دوو وشە کە ژمارەی پیتی وشەیەکیان لەویتر زیاتر بێت بە یەک پیت.«بریتییە لەو ڕەگەز دۆزییەی کە دوو وشەکانی لە جۆر و شێوە ڕیزبوونی پیتەکانیان یەکبن ،بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبن» (عەبدوڵڵا،٢٠١٢:ل٢٣).

**ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە**
**مەعلووم چووە بۆ خزمەتی ساڵاری مەدینە**

ڕیگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەیە لە نێوان وشەکانی (دینە،مەدینە) وشەی دووەم تەنیا (مە)ی زیاترە

**قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبێ بێ**
**وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ**
**شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ**

(نەبێ بێ،نەسەبی بێ) تەنیا وشەی دووەم دەنگی (سە)ی زیاترە.

**ڕەگەز دۆزی ناتەواوی هاوکێشی:** بوونی دوو وشە یان زیاترە ئەگەرچی پیتەکانیان لەگەڵ یەک جیاوازە بەڵام لەسەر هەمان کێشن.واتە ئەگەر وشەی یەکەم لە سێ بڕگەی ( کورت+درێژ+کورت) وشەکەی تریش دەبێت هەمان شت بێت،مەرجی سەرەکی دووبارەبوونەوەی پیتە بزوێنەکانە.

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**

(غەمخوار، ئەسرار، شەهوار) هاوکێشن(نەدیمی، یەتیمی، قەدیمی ) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشن.

**هێنانەوە(دووا بۆ سەر):**
ئەم هونەرەش سێ جۆرە ئێمە تەنیا باس لەوە دەکەین کە لەم شیعرەدا بەرجەستەیەکە ئەویش بریتییە لەو هونەرەی«دوا وشەی کۆتایی دێڕی شیعری وەک وشەی نیوەی دێڕی یەکەم بێ» (گەردی،٢٠١٣:٢٦٧).

**وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ**
**شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ**
**هاوسەر یاخود موتریف(المطرف)**

بریتیە لە دوو وشەی کۆتایی نیوەدێڕەکان کە هاوسەروابن بەڵام هاوکێش نەبن«بریتییە لە ڕێکەوتنی نێوان دوو وشە کەلەڕووی پیتی سەرواوە هاوسەروابن،بەڵام هاوکێش نەبن» (فەرحان،٢٠١٧:ل١٣٩).

**ئەتلێتەوە گاهێ بە خەیاڵی خەت و خاڵی**
**ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی**

وشەکانی (خاڵی ، جەماڵی ) هاو سەروان بەڵام هاو کێش نین.

**تەتریز(التطریز):**
بریتییە لەدووبارە بوونەوەی چەند وشەیەکی هاوکێش و هاو سەروا کە لە دوو دێڕ یاخود زیاتری هۆنراوەیەکداو لە هەمان شوێن دووبارە ببنەوە«بریتییە لە بوونی چەند وشەیەکی هاوکێش کەلەچەند دێڕێکی بەدوای یەکدا هاتووی هۆنراوەدا هاتبێت»(فەرحان،٢٠١٧:ل١٤١).
لەم چوارینەیەدا سەرجەم چوارەم نیوەدێڕەکان هونەری تەتریزیان تێدایە.

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**
**کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من**
**کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من**
**وەك پووش و پەلاشێکە بەدەم باوە دڵی من**
**چۆن ماوە لە سەد لاوە کوژراوە دڵی من**
**هەرگیز نییە سۆراغی لە هیچ لاوە دڵی من**
**دایم غەم و بیداری و خوێناوە دڵی من**
**هەڵبەت بە بەلایێکەوە ئالاوە دڵی من**
**وام زانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من**
**جەرگی بە دوو ئەبرۆی ئەوە جنراوە دڵی من**
**نایێتەوە لات گەر سەری داناوە دڵی من**

هەریەک لە وشەکانی (تۆراوە، ماوە، گیرساوە ،سووتاوە،خنکاوە،ترساوە،دەم باوە،کوژراوە،هیچ لاوە،خوێن اوە،ئالاوە،فەوتاوە،جنراوە،داناوە)هەموو هاو کێش و هاو سەرواشن،ئەمەش توانای شاعیرە کە ئەو وشانە بەو جۆرە هەڵدەبژێرێت.

**گێرانەوە:**
یەکێکی ترە لە هونەرەکانی مۆسیقای ناوەوەو لە هەمان کاتیشدا جوانکاری وشەییە«بریتییە لە بەکارهێنانی چەندجارەی وشەیەک یان دەستەواژەیەک بەو مەرجەی هەرجارەی لەپاڵ شتێکەوە بێت»(عەبدوڵڵا،٢٠١٢:ل٣٤).
گێرانەوەش شێوەی زۆرە بە پێی جۆری وشەو دەستەواژەکە ناوەکەی دەگۆڕێت.

١- گێڕنەوەی هاوەڵناوی پرس.

**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یاخود بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**
**کەوتۆتە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من**
**چ بکەم چ بڵێم بۆ دڵەکەم کارییە دەردم**

وەک دەبینین هاوەڵناوی پرسی (چ) لە پێنج شوێندا بەکار هاتووە یەک جاریش(چی) بەکارهاتووە بەڵام بەشێوەی جیاواز بەکارهاتووە نەمان نوسیووە.

٢- گێڕانەوەی جێناوی سەربەخۆی (ئەو)

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب**
**ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب**
**ئەو سینە لە غەش خالییە، ئەو بێ ڕق و کینە**
**ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە**

پێنج جارو لەگەڵ پێنج وشەی جیاوازدا دووبارە بۆتەوە

٣- گێڕانەوەی هەوەڵکاری کاتی (گاهێ)

**ئەتلێتەوە گاهێ بە خەیاڵی خەت و خاڵی**
**ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی**
**٤- گێرانەوەی هەوەڵکاری پرسی (بۆچی)**
**بۆ چی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکوو باران**
**بۆ چی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران**

**پەیوەستبوون بە پێویست(لزوم مایلزم):**
بریتییە لە دووبارەکردنەوەی پیتێک یان زیاتر لە پیتێکی پێش ڕەوی. لەبەر ئەوەی پێشتر لە بابەتی سەروادا باسمان کردووە دووبارە ناگەڕێینەوە سەری.

**دووەم جوانکاری واتایی:**
هەموو ئەو جوانکاریانە دەگرێتەوە کە لە چوار چێوەی واتادا ئەنجام دراون
**دەستپێکی دڵگیر:**
ئەو هونەرەیە کە شاعیر لە دەسپێکی هەڵبەدتەکەیدا

هەولێرنامەی کتێب

واتە نیوەدێڕی یەکەمی رستەو وشەی دڵگیری وا بەکاربهێنێت کە سەرنجی خوێنەر بۆخۆی پەلکێش بکات.

**لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**

کاتێکە دەسەکەی بە خوێندنەوەی ئەم دەسپێکە یەکسەر سەرنجت ڕا ئەکێشێ کەسێک دڵی خۆی لێ تۆرابێت و لێی ونبووبێت.

**دژ یەك:**

ئەو هونەرەی ڕەوانبێژییە لە نێوان دوو وشەدا کە پێچەوانەی یەکتری بن لە واتادا ،بەزۆریش پێچەوانەو دژ یەکەکان لە هاوەڵناوەکاندا دەردەکەون«بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە ، کە ئەو وشانە لە ڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەکتربن»(عەبدوڵلا،٢٠٠٧:ل٢٧١).
وەک بەرز و نزم ،دوور و نزیک ،شیرین و تاڵ، پاک و ناپاک...هتد دژیەکیش دەبێتە دوو بەشەوە

**یەکەم: دژیەکی فەرهەنگی:** واتا ئەو وشانەی کە خۆیان لە فەرهەنگدا دژوپێچەوانەیان هەیە.

**بۆ چی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران**
**لەو یۆسفە پرسیومە لە بێگانە و یاران**

لەم نیووە دێڕەدا وشەی (بێگانە و یاران) دژی یەکن دژیەکێکی فەرهەنگیشن

**شاهێدی منن موویی سپی و چیهرەیی زەردم**
**خۆڕایی نییە ناڵەیی گەرم و دەمی سەردم**

بەهەمان شێوە گەرم و سەرد یاخود سارد دژیەکی فەرهەنگین.

**زاتێکی وەهای گرتووە رۆحم بە فیدای ئەو**
**شاهان شەو و رۆژ دێنە قەدەمبۆسی گەدای ئەو**

لێرەدا شاهو گەدا دژی یەکن هەریەکەو لە جەمسەرێکن هەرچەندە شاهان بە کۆ هاتووە گەدا بە تاک بەڵام هەر لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی یەکن.

**دووەم: دژ یەکی نا فەرهەنگی:** بریتییە لەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا یەک وشەن بەڵام بە هۆی ئامرازەکانی نەرێکردنەوە(نە،مە،نا ) دەبنە دژ.

**مەعلووم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە**
**وام زانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من**

وشەی فەوتاو بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)وە کراوە بە نەفەوتاوە کە دژەواتایی دروستکردووە.

**پێچە پەخشە(پێچان و کردنەوە):**

«ئەوەیە چەندوشەیەک بێنی لە دوایشدا بۆ هەریەکێک لەو وشانە وشەی تریێنی ،پەیوەندی بە وشەکانی بەراییەوە هەبێ بەبێ دەستنیشانکردن،لەبەر ئەوەی گوێگر دەزانێ سەربەم وشەوەیە»(گەردی،٢٠١٣:ل٣٢١). کەواتە هێنانی چەند وشەیەکە لە نیوەدێڕی شیعرێکدا دواتر لەنیوەدێڕی دواتردا چەند وشەیەکی تریێنی کە پەیوەندی واتاییان پێکەوە بێت یاخود بکەرێکبن و کارەکانیان دابنێیی بە بێ ڕوونکردنەوە خوێنەر خۆی تێبگات لە مەبەستەکە.

**چی کردووە یا رەب، کە خەو و خواردن و ئاوی**
**دایم غەم و بیداری و خوێناوە دڵی من**

ئەگەر لە نیوەدێڕی یەکەم وردبینەوە وشەکانی (خەو و خواردن و ئاو) لە نیوە دێڕی دووەمیشدا وشەکانی (غەم و بێداری و خوێناو) هەیە کە (خەو و بێداری) و(غەم و خوارد ) و (ئاو و خوێناو) پێچە پەخشەیەکی جوانیان دروستکردووە واتە خەوەکەی هەر نەخەوتنە هەمیشە بە ئاگایە خواردنەکەی هەر غەمەو ئاوەکەشی هەر خوێناوە.

**تێلنیشان:**

بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ پەندێک یا بەسەرهاتێک چیرۆکێک یا ڕوداوێک بە چەند وشەیەک بەبێ ئەوەی زانیاری زیاتری لەبارەوە بخاتە ڕوو«لە عەرەبیدا (تەلمیح)ی پێدەگوترێت بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر،بە

ئایەتی قورئانی پیرۆز یا فەرموودەیەک یان پەندێکی پێشینان یا ڕووداوێکی مێژووی گرنگ یان داستانو بەسەرهات و هەرشتێکی تری هاو شێوە،بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ شتێک دەکات لەسەری بووەستێ و بەدرێژی باسی بکا بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت»(عەبدوڵلا، ٢٠١٢ل:١٤٦).

**مەجنوونی دوو گیسوویی چ لەیلایێکە ئاخۆ**
**یا وامیقی جادوویی چ عەزرایێکە ئاخۆ**

لەم دوو نیوە دێڕەدا ئاماژە بەدوو حیکایەتی دڵداری لە ناو ڕۆژهەڵاتا کراوە کە ئەویش حیکایەتی (لەیل و مەجنون ، وامیق و عەزرا)یە کە حیکایەتی خۆشەویستینی لە کۆتاییدا بە یەکتر نەگەشتوون.

**بۆ چی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران**
**لەو یۆسفە پرسیومە لە بێگانە و یاران**

لە دێڕەشدا ئاماژە بە بەسەرهاتی پێغەمبەران(یەعقوب و یوسف)درووودی خوایان لەسەربێت کراوە کە لە قورئاندا هاتووە و بە باشترین چیرۆک وەسف کراوە.

**خۆ هەڵەکردن:**

خۆ هەڵەکردن لە کوردیدا هاو واتا یان ناوی تری زۆری هەیە هەمووشی مەبەست لەوەیە کە شاعیر گەمەزمانیەک بکات کە بەرامبەرەکەی وا هەستکات کە هەڵەیە بەڵام لەڕاستیدا شاعیر خۆی بە ئەنقەست ئەو کارە دەکات تاکوو جوانیەکی تر بدات بە شیعرو واتاکەی»بریتییە لە خۆ هەڵەکردنی شاعیر بەرامبەر بە شتێک کە باش دەزانێت ڕاستی ئەو شتە چییە،یان چۆنە، بەڵام بۆ مەبەستی تایبەت بەو شێوەیە خۆی هەڵەدەکات»(عەبدوڵلا،٢٠٠١٣ : ل١٣٥)

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**

هەر لە دەسپێکی شیعرەکەوە شاعیر والە خوێنەر دەگەیەنێت کە دڵی تۆراوەو ونبووەو نازانێ چی بەسەر هاتووە بە نزیکەیی زۆربەی شیعرەکە هەر گفتوگۆی خۆ هەڵەکردنی شاعیرەو گەڕانە بەدوای دڵی خۆیا دواتر خۆشی ئاماژەی پێدەکات کە دەڵێ: وامزانی فەوتاوە نە فەوتاوە دڵی من کە ئەمەش جوانییەکی بە شیعرەکە بەخشییەوە خوێنەریش لەزەتی زیاتری لێ دەبات.

**ڕوونکردنەوە:**

بریتیە لەوەی کە شاعیر لە چوارچێوەی دەقەکەیدا خۆی پرسیارێک دەورووژێنێت و دواتر هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکە ڕووندەکاتەوە«بریتییە لەوەی شاعیر یا نووسەر دوای ئەوەی باس لە شتێکی دیاریکراو دەکەن،دواتر پرسیار بۆ شتەکە دروست دەکەن بە وەڵامی پرسیارەکە شتەکە چاکتر ڕووندەکەنەوە»(عەبدوڵلا،٢٠ ٠١٣ل:١٤٢).

لەم هونەری ڕەوان بێژییەدا بێخودی شاعیر زۆری بە کارهێناوە بە جۆرێک نیوەی زیاتری شیعرەکە پرسیارەوە وەڵامەکەشی لە سێ چوارینەکەی کۆتایی شیعرەکەدایە.

**مەجنوونی دوو گیسوویی چ لەیلایێکە ئاخۆ**
**یا وامیقی جادوویی چ عەزرایێکە ئاخۆ**
**دێوانەیی ئاهوویی چ سەحرایێکە ئاخۆ**
**کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من**

لەم چوارینەیەدا سێ جار پەیڤی پرسی (چ) و یەکجاریش(کام) بەکارهاتووە کە هەموشی پرسیارە لەو کەسەی کە دڵی بردووە.

**لەو چۆڵ و بیابانە ئەبێ یاوەری کێ بێ**
**یا بەو کەژ و کێوانەوە سەوداسەری کێ بێ**
